بەیاننامەی گشتی ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتیی

ڕێکەوت و ژمارەی پێرست MDE 14/4233/2021

# هەرێمی کوردستانی عێراق: پێویستە دەسەڵاتداران کۆتایی بهێنن بە دەمکوتکاریی پەیوەست بە خۆپیشاندانەکان

پێویستە دەسەڵاتداران لە هەرێمی کوردستانی عێراق کۆتایی بێنن بە سەرکوتکردنی ئێستایان لە دژی خۆپیشاندانەکان لەڕێگەی دەسگیرکردنی هەرەمەکیی و گێچەڵپێکردن، وە پێویستە دەستبەجێ ئەو دەستبەسەرکراوانە ئازاد بکەن- تیایدا ئەوانەی کە پێشتر حوکمدراون لە دادگایی نادادپەروەرانە- بەهۆی بەژداریکردنییان لە خۆپیشاندانەکان یاخود کرداری پرۆفێشناڵانە یان چالاکیی پەیوەست، ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتیی گوتی.

لە ناوەڕاستی مانگی ئابی ٢٠٢٠، خۆپیشاندانی بەربڵاو لە هەرێمی کوردستانی عێراق هەڵقوڵان، بەشێوەیەکی سەرەکی لە سلێمانی و هەولێر و دهۆك، کە داوای کۆتاییهێنانیان دەکرد بە گەندەڵیی، هەروەها داوای خزمەتگوزاریی حکومیی باشتر و پێدانی مووچە دواکوتووەکانی فەرمانبەرانی حکومەتیان دەکرد. لە ئەنجامی ئەوەدا، دەسەڵاتداران لە هەرێمی کوردستانی عێراق هەڵمەتێکی بەربڵاوی دەسگیرکردنیان دەستپێکرد لەژێر بیانووی پاراستنی ئاسایشی نیشتیمانیی لەدژیی چالاکوانان و خۆپیشاندەران و ئەو ڕۆژنامەنووسانەی کە ڕووماڵی خۆپیشاندانەکانیان دەکرد.

بەگوێرەی ئەو پارێزەر و کارمەندانەی مافەکانی مرۆڤ کە لەلایەن ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتیی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە لەنێوان مانگەکانی ئازاری ٢٠٢٠ و نیسانی ٢٠٢١، هێزە ئەمنیە کوردیەکان ئەوەیان لێ ڕاگەیاندراوە کە تەنها لە پارێزگای دهۆك زیاتر لە (١٠٠) کەسیان دەسگیرکردووە، وە بەتایبەتی لە ناوچەی بادینان، باکووری خۆرئاوای پارێزگاکە.[1] زۆربەی ئەو کەسانە هەر زوو دوای ئەوە ئازادکراون بەڵام بە لایەنی کەم (٣٠) کەس لەوان بە دەستبەسەرکراوی ماونەتەوە.

لەنێوان مانگەکانی شوبات و ئایاری ٢٠٢١، ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتیی (٢١) چاوپێکەوتنی ئەنجامدا لەگەڵ قوربانیان و ئەندامانی خانەوادەی کەسە دەستبەسەرکراوەکان و پارێزەران و کارمەندانی ماق مرۆڤ و ڕۆژنامەنووسان لە هەرێمی کوردستانی عێراق، هەروەها چاوی خشاند بە پەڕاوی دادگا، تیایدا فەرمانی دەسگیرکردن و بڕیاری دادگا. ڕێکخراوەکە کەیسی (١٤) کەسی لە بادینان تۆمارکرد ( (٣) ڕۆژنامەوان و (١١) چالاکوانی سیاسیی و کۆمەڵگای مەدەنیی)، هەموویان لەنێوان مانگەکانی ئاب و تشرینی یەکەمی ٢٠٢٠ دەسگیرکرابوون- وە بۆی دەرکەوت کە لە هەموو کەیسەکاندا ئاسایش (ئاژانسی سەرەکیی ئاسایش و هەوالگریی حکومەتی هەرێمی کوردستان)، وە هێزەکانی پاراستن (ئاژانسی هەوالگریی پارتیی دیموکراتیی کوردستان) بەشێوەی هەرەمەکیی خەڵکیان دەستبەسەر کردووە و لە (٦) کەیسدا شوێنبزریان کردوون سەبارەت بە بەژداریکردن لە خۆپیشاندانەکان یان ڕەخنەگرتن لە دەسەڵاتدارانی ناوخۆ یان بەهۆی کاری ڕۆژنامەوانییان.

---

[1] هەروەها سەیری ڕووداو بکە، : پەرلەمانتارێك دەڵێ: بەلایەنی کەمەوە (١٠٠) کەس دەسگیرکراون پێش خۆپیشاندان لەدژی دواکەوتنی مووچەی حکومەت ئایاری ٢٠٢٠

https://www.rudaw.net/english/kurdistan/160520201

هەر (١٤) کەسەکە لە حاڵەتی پەیوندیپچراودا هێڵدرانەوە بۆ ماوەی چەند ڕۆژێك تاکو پێنج مانگ: (٦) لەوان ڕووبەڕووی شوێنبزرکردنی بە زۆرەملێ بوونەوە بۆ ماوەی (١٠) تاکو زیاتر لە (٣) مانگ - کە ئەمەش بە تاوان هەژماردەکرێ بەگوێرەی یاسای نێودەوڵەتیی. (٣) لەو (١٤) کەسە ئازادکران، بەڵام خۆیان ونکرد لەترسیی تۆڵەسەندنەوەی نوێبووەوە و یەکێکیان خۆی ونکرد دوای هەڕەشەلێکرانی: (٥) لەوان بە دەستبەسەرکراوی مانەوە بەبێ هیچ تۆمەتێك یان تۆمەتی ناسراو: وە (٥) کەسیان بە (٦) مانگ زیندانیی حوکمدران دوای دادگاییەکی نادادپەروەرانە. ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتیی (٤) حاڵەتی دیکەی گێچەڵپێکردن یان ترساندنی ئەندامانی خانەوادەی ئەو کەسانەی تۆمار کردووە کە دەستبەسەرن یاخود خۆیان ونکردووە، تیایدا بەهۆی دەستگیرکردن یان هەرەشەی زارەکیی.

## پێشێلکارییەکانی مافی یاسایی: دەسگیرکردنی هەرەمەکیی، دەستبەسەرکردن و شوێنبزرکردنی بە زۆر

لە هەموو ئەو (١٤) کەیسەی کە ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتیی تۆماریکردووە بەمەبەستی ئەم بەیاننامەیە، هێزەکانی ئاسایش ئەو کەسانەیان لە ماڵەوە یاخود لە شوێنی کاریان دەسگیرکردووە بەبێ فەرمانی دەسگیرکردن یان هەر پەیوەندییەکی فەرمی کە هۆکاری دەسگیرکردنەکە ڕوون بکاتەوە. هەموو ئەو پیاوانە لە پەیوەندیی پچڕاو هێڵرانەوە بۆ ماوەی چەند ڕۆژێك تاوەکو (٥) مانگ. لەکاتی ئامادەکردنی ئەو نووسراوە ئەو (٥) کەسەی کە بە دەستبەسەرکراوی مابوونەوە هێشتا نەیاندەتوانی چاویان بە پارێزەرەکانیان بکەوێ.

لە (٦) کەیسدا، هێزەکانی ئاسایش لە دهۆك و لە هەولێر ڕەتیانکردەوە کە ئەو کەسە دەسگیرکراوانە لەلای ئەوان بن یان زانیاریان هەبێ دەربارەیان، سەرەڕای چەندین هەوڵ لەلایەن ئەندامانی خانەوادەکانیان بۆ دۆزینەوەیان. (٣) کەس لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ کرابوو وە بەبێ ڕووبەڕووکردنەوەی هیچ تۆمەتێك یان بە کەفالەت ئازاد کرابوون لەکاتێکدا تۆمەتەکانی دژیان نەزانراوبوون دوای ئەوەی بۆ ماوەی زیاتر لە (٢٤) کاتژمێر دەستبەسەر کرابوون، (٥) لەوان بەدەستبەسەرکراوی ماونەتەوە بەبێ هیچ تۆمەتێك یاخود بە تۆمەتی نەزانراو لەکاتی نووسینی ئەو بەیاننامەیە. (٣) لەو کەسانەی کە بە دەستبەسەرکراوی مانەوە تەنیا ڕێگایان پێدرا کە بەشێوەیەکی پچرپچڕ پەیوەندیی بە خانەوادەکانیانەوە بکەن لە ماوەی (٢) هەفتە تاکو (٣٧) ڕۆژ. گوترا کە هەرسێ کەسەکە لە ژووری فەرەبالغ هێڵرانەوە بە خۆراکی کەمەوە. لە حاڵەتێکیان، هێزەکانی ئاسایش کەسەکەیان بەتەواوی ڕووتکردەوە، کە وای لێکرا بە ڕووتی بمێنێتەوە بەدرێژایی لێکۆڵینەوەکە.

سولێمان کەمال سولێمان، خاوەنی نووسینگەی زەوی و زارە و چالاکوانە. لە ٦ ئەیلولی ٢٠٢٠، سولێمان نەگەرایەوە ماڵەوە. خانەوادەکەی بۆیان دەرکەوت کە لەلایەن هێزەانی ئاسایشەوە لە ئاکرێ، دهۆك، دەسگیرکراوە، ئەوان دەستیان کرد بە گەڕان بەدوای ئەو، پرسیاریان کرد لە هەردوو ئاسایشی دهۆك و ئاسایشی هەولێر. تاکو (٣) مانگ و بیست ڕۆژ هیچ زانیارییەکیان پێنەدرا. ئەندامێکی خانەوادەی سولێمان بە ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتیی گوت: *"چەندین جار چوومە ئاسایشی دهۆك و پرسیاری هەر زانیارییەکم کرد دەربارەی ئەو. (٦) جار چوومە ئاسایشی هەولێر. ئەوان ڕەتیان کردەوە کە ئەو لەلای ئەوان بێت. هیچ کەس هیچی پێنەگوتین دەربارەی ئەو یان شوێنی ئەو بۆ ماوەی (٣) مانگ و بیست ڕۆژ. ئێمە تەنها (٥) مانگ دواتر توانیمان گوێبیستی دەنگی ببین... پێی گوتین "من ئەشکەنجەی سایکۆلۆجیی دەدرێم""* .

لەکۆتاییدا، ئاسایشی هەولێر پەیوەندییان کرد بە خانەوادای سولێمان بۆئەوەی پێیان رابگەیەنن کە ئەوان ئەویان دەستبەسەر کردووە لە بنکەی هەولێر. دوای دوو مانگ (واتا (٥) مانگ دوای دەسگیرکرانی)، سولێمان لەکۆتاییدا رێگای پێدرا پەیوەندی بە خانەوادەکەیەوە بکا، لەو کاتەوە، ئەو توانیویەتی تەنها یەك جار لە مانگێکدا قسە لەگەڵ خانەوادەکەیدا بکات. تا کاتی نووسینی ئەم بەیاننامەیە، ئەو نەیتوانیبوو پارێزەرێك ببینێ یاخود قسەی لەگەڵدا بکات.

سەرباری ئەوەش، لە مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠٢٠، هێزەکانی ئاسایش لە دهۆك و لە هەولێر (٣) چالاکوان و (٢) رۆژنامەوانیان بەشێوەیەکی هەرەمەکی دەسگیرکرد. (٣) لەوان رووبەڕووی شوێنبزرکردنی بەزۆرەملێ بوونەوە، کە دەستبەسەرکردنیان رەتکردنەوەی دانىان بە بێبەشکردن لە ئازادیی بەدواوە هات یان ونکردنی چارەنووسیان یان شوێنیان، بۆ ماوەی (٢) تا (٣) مانگ. لە کەیسێکیان، کەسەکە لە زیندانی تاکەکەسیەوە بۆ ماوەی (٦٨) هێڵدرایەوە-کە دەکرا ببێتە ئەشکەنجەدان. ئەو (٥) کەسە دواتر لە دادگاییەکی نادادپەروەرانە حوکم دران لە ١٦ی شوباتی ٢٠٢١ (سەیری بەشی خوارەوە بکە دەربارەی تۆمەتەکان). هەر (٥) کەسەکە بە لایەنی زۆرەوە توانیان تەنها (٢) جار پەیوەندی بە خانەوادەکانیانەوە بکەن پێش دادگاییەکەیان ، تەنها (٢) لەوان رێگایان پێدرا خانەوادەکانیان یەك جار سەردانیان بکەن بە ئامادەبوونی هێزە ئەمنییەکان.

کەیسێکی دەسگیرکردنی هەرەمەکی و مامەڵەی خراپ بریتیە لە کەیسی رژنامەوان شێروان شێروانیی. لە ٧ی تشرینی یەکەم، ئەندامانی چەکداری ئاسایشی هەولێر، هەروەها پۆلیسی ناوەخۆی هەولێر، چواردەوری ماڵیان گرت لە دەورووبەری کاتژمێر (٤:٣٠) دوای عەسر و زۆریان لە ئەندامانی خانەوادەکە کرد تا لە ژوورێکی خانووەکە بمێننەوە، کاتێك ئەوان هەڵیان کوتایە سەر خانووەکە و دەستیان گرت بەسەر لاپتۆپ و کامێرا و تەلەفۆن و دۆکیومێنتەکانی پێش ئەوەی کەلەپچە بخەنە دەستی. ئەوان چەکیان خستە سەر سەری کاتێك ئەو لە ماڵەکەی ڕاکێشرایە دەرەوە. کاتێك داوای فەرمانی دەسگیرکردنی لێکرا، ئەندامێکی ئاسایش بە جلی مەدەنیەوە دەستنووسێکی بە زمانی عەرەبی پێشکەش کرد کە باسی لە فەرمانی دەسگیردنی شێروانیی دەکرد، بەڵام بەبێ روونکردنەوەی ئەو تۆمەتانەی کە ئەو بەهۆیانەوە دەسگیر دەکرا.

بەگوێرەی خانەوادە و پارێزەرەکەی، شێروانی خرایە زیندانیی تاکەکەسیی بۆ ماوەی (٦٨) رۆژ لەنێوان مانگەکانی تشرینی یەکەم و کانوونی یەکەم وە ڕووبەرووی هەڕەشە و مامەڵەی سووکایەتی پێکەر کرایەوە، تیایدا "دەستدرێژیی (سێکسیی) کردنە سەر خێزانی لەبەرچاوی ئەو." ئەندامێکی خانەوادەکەی توانی بۆ ماوەیەکی کورت ببینێ دوای دەرچوونی لە زیندانی تاکەکەسیی، وە رایگەیاند کە ئەو نەخۆش و ڕەنگزەرد دەردەکەوت و کێشێکی زۆریشی لەدەستدابوو.

کەیسی بەنموونەی کەسێك کە ئەویش رووبەرووی شوێنبزرکردنی بەزۆرەملێ کرابووەوە، ئەمجارەیان بۆ ماوەی (٢) مانگ، بریتیە لە رۆژنامەوان گوهدار زێباریی. لەکاتی بەیانیی زووی ٢٢ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢، هێزەکانی ئاسایش لە ماڵی خوشکی دەسگیریان کرد لە پارێزگای دهۆك، لەوەی کە شایەتحاڵان وەك "دڵرەقانە و نامرۆڤانە" وەسفیان کرد، بەبێ نیشاندانی فەرمانی دەسگیرکردن، وە لەگەڵ کەلەپچەکردنی و دەستبەسەرداگرتنی کەلوپەلە ئەلیکترۆنیەکانی. ئەندامێکی خانەوادەی زێباریی گوتی، *"ئێمە چەندین جار چووینە ئاسایشی دهۆك و ئاسایشی هەولێر بۆ پرسیارکردن دەربارەی ئەو. تەنانەت وەبیرم نایەتەوە چەند جار. بەڵام ئەوان هیچیان پێنەگوتین."*

دەسەڵاتدارانی ئاسایش زانیارییان دەربارەی شوێنی بەڕێز زێباریی بە نهێنی هێشتەوە بۆ ماوەی دوو مانگ لەدوای دەسگیرکردنی، تا ئەو کاتەی توانی پەیوەندیی بکات بە خانەوادەکەی و شوێنی خۆی بەوان بڵێ. خانەوادەی بەڕێز زێباریی توانیویانە تەنها جارێك سەردانی بکەن بە ئامادەبوونی هێزە ئەمنییەکان لەماوەی دەستەبەسەرکرانی دا. بەڕێز زێباریی بە

خانەوادەکەی گوتووە کە لە بارودۆخی سەختدا هێڵراوەتەوە و ڕووبەڕووی ئەشکەنجە و مامەڵەی خراپی تر کراوەتەوە، ئەو ڕەنگ زەرد دەردەکەوت و کێشی زۆر لەدەستدابوو.

## پێشێلکاریەکانی بنچینە سەرەکییەکانی دادگایی دادپەروەرانە

لە ١٦ی شوباتی ٢٠٢١، دادگای تاوانی دووەمی هەولێر هەر یەك لەو پێنج ڕۆژنامەوان و چالاکوانەی بە (٦) ساڵ زیندانی حوکم دا: شێروان شێروانیی و گوهدار زێباریی و هەریوان عیسا و ئەیاز کەرەم و شڤان سەعید، بەهۆی ئەنجامدانی کردەوەی وا کە وا سەیرکران کە زیانگەیەنەرن بە ئاسایش و سەروەری هەرێمی کوردستانی عێراق. ئەوان تۆمەتبار کران بەوەی کە "سیخوڕییان کردووە لە بەرژەوەندیی لایەنی دەرەکیی، زانیاریی هەستیاریان پێشکەشکردووە بە پارتی کرێکارانی کوردستان (PKK)، ژیانی دەسەڵاتدارانی باڵای هەرێمی کوردستان و بەرپرسانی بیانیان خستووەتە مەترسییەوە لەڕێگەی کۆکردنەوەی زانیاریی دەربارەی ئەوان، وە چەکیان کۆکردووتەوە بە نیازی پێدان بە گروپێکی چەکداریی نەناسراو." دادگاییەکەیان شێوێندرا بە پێشێلکاریی گەورەی مافیان بۆ دادگایی دادپەروەرانە، تیایدا نیگەرانییەکان دەربارەی ئەو حوکمانەی کە لەسەر بچینەی ئەو وتانەیان درابوون کە لەژێر ئەشکەنجە لێیان وەرگیرابوون، پێشکەش نەکردنی پەڕاوی کەیسەکە لەکاتی گونجاودا بۆ ئەوەی پارێزەرانی بەرگریی بەرێکیی بەرگریی خۆیان ئامادە بکەن، وە فەرمانەکردن بە لێکۆڵینەوە لە قسەی ئەو تۆمەتبارانە کە گوایە ئەشکەنجەدراون. خانەوادەکانیان ڕێگەیان پێنەدرا کە لە دانیشتنەکان ئامادە بن.

بەگوێرەی پارێزەران و نێردەی هاریکاریی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ عێراق (UNAMI) کە ئامادەی دادگاییەکان بوون، هەر پێنج تۆمەتبارەکە لە دادگا گوتیان کە ئاسایش "دانپێدانانەکان"ـی ئەوانی لەژێر ئەشکەنجەوە وەدەستخستوون[٢].

لە (٨) لەو کەیسانەی کە تۆمارکراون، گوتراوە کە کەسەکان بەزۆرەملێ دانپێدانانیان پێ ئیمزا کراوە یان لەگرتەی ڤیدیۆیی دانپێدانانیان پێ کراوە. وەك ئاماژە بۆ "دانپێدانان" یێکی ڤیدیۆیی، سولێمان کەمال لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیی بە خانەوادەکەی گوت "بڕوا مەکەن بەوەی کە لە ڤیدیۆیەکە دەگوترێ. کە دەیبینن، ئەوە بزانن کە ئەوە من نەبووم. من هیچم نەکردووە. ئەوان (ئاسایش) ئەمەیان پێ ئەنجامداین،" وە سووربوو لەسەر ئەوەی کە (دانپێدانانەکە) بەزۆر لێی دەرهێنراوە. لەکەیسی (٥) کەسە حوکمدراوەکان، دادگا پشتی بەست بەو گوایە "دانپێدانانە"، هەروەها ئەو دۆکیومێنتانەی کە لە ئامێرە ئەلیکترۆنییە دەستبەسەرداگیراوەکان دۆزرانەوە، هەروەها لە دوو هەواڵپێدەر-کە یەکێکیان بە نەناسراوی مایەوە. لە کەیسێکدا، کەسە حوکمدراوەکە تۆمەتی زیاتری ناوزڕاندنی ئاراستەکرا لەبەرامبەر ئەوەی لە دادگا گوتی ئەشکەنجەدراوە. بەڵام دادوەر هەموو ئەو قسانەی ڕەتکردەوە و زنجیرەیەك لە پێشێلکاریی دادگایی فەرامۆش کرد کە لەلایەن پارێزەری بەرگرییەوە لەماوەی دادگاییەکە خرانە ڕوو.

[٢] نووسینگەی لیژنەی باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ مافی مرۆڤ، ئازادی ڕادەربڕین لە هەرێمی کوردستانی عێراق، ئایار ٢٠٢١

https://www.ohchr.org/Documents/Countries/IQ/Freedom-of-Expression-in-the-Kurdistan-Region_En.pdf

هیچ پارێزەرێکی کەیسەکان پێش دادگاییەکە فایلەکانی کەیسەکەی لەکاتی پێویست پێنەدرا تاوەکو بەرگرییەکی ڕێکوپێك ئامادە بکات. لە ڕاستیدا، لە هەر (٥) کەیسەکە، پارێزەران چەند دەقیقەیەك پێش دادگایی بریکاردارانیان فایلەکانی ئەوانیان پێ درا. هەروەها بەرگریکار هەلی ئەوەی پێ نەدرا بەرەنگاری ئەو بەڵگانە ببێتەوە کە لە شایەتی شایەتحاڵان خرابوونە ڕوو. دادگاکە پیشتی بە دوو شایەتی سەرەکی شایەتحالان بەست، یەکێکیان هەواڵپێدەرێکی نهێنی بوو. شایەتحاڵە نەناسراوەکە لە دادگا دەرنەکەوت سەرەڕای داواکاریی پارێزەر و فەرمانی دادوەر. سەرەڕای ئەوەش، پارێزەری شێروانیی تەنها یەك ڕۆژ پێش دادگاییەکە فایلەکانی کەیسەکەی پێدرا، کە کاتی گونجاوی بۆ نەمایەوە تاکو بەشێوەیەکی ڕێکوپێك بەرگرییەك ئامادە بکات. بەکارهێنانی زانیاری کە وەرگیرابوو لە ئامێرە ئەلێکترۆنیەکانی شێروانیی، بەڵگەی سەرەکیی بوو کە لە دادگا ڕووبەڕووی کرایەوە کە بریتی بوو لە دروستکردنی گروپێکی ماسنجەر، کە ئەو بە دروستکردنی بۆ مەبەستی سیخوڕیی و بڵاوکردنەوەی زانیاری هەستیاری حکومیی پێی تۆمەتبار کرابوو.

لە پەیوەندیی لەگەڵ ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتیی لە مانگی ئازاری ٢٠٢١، نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان گوتی "حوکمدانەکان پەیوەندییان نەبووە بە کاری ڕۆژنامەوانی ئەوان (ڕۆژنامەوانەکان)." سەرباری ئەوەش، دوای پێداچوونەوە بە بەڵگەکە، ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتیی بۆی دەرکەوت کە گروپ چاتەکە لە ڕاستیدا بۆ کاری ڕۆژنامەوانی بەکارهێنراوە.

بەگوێرەی شێروانیی و نێردەی هاریکاریی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ عێراق (UNAMI)، لە ڕێکاری جیاجیا بەڵام پەیوەندیدار، بەڕێوەبەرایەتی ئاسایش لە هەولێر تۆمەتی ناوزڕاندنی ئاراستەی شێروان شێروانی کرد بەپێی ماددەی (٤٠٣) ی یاسای سزادان لەسەر بنەمای ئەو وتەیەی گوترا وەك بەشێك لە بەرگرییەکەی لەماوەی دادگاییەکە، بەو ئاراستەیەی کە ئەو لەلایەن ئاسایشەوە ئەشکەنجە درابوو. بە گرتنەبەری ئەو ڕێکارانە، وا پێدەچێ دەسەڵاتداران سیستەمی دادوەری ئاراستە بکەن بۆ ڕێگریکردن لە کەسەکان لە داواکردنی مافی سەرەکیی خۆیان بۆ دادگایی دادپەروەرانە و بەشێوەیەکی گشتگیرتر بۆ ترساندن و بێدەنگ کردنی ڕەخنە. کە دەرئەنجامەکانیان لە بەشی خوارەوە زیاتر گفتوگۆیان لەسەر دەکرێ.

## ترس و ترساندن

ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتیی وای دەبینێ کە دەستگیرکردنی هەرەمەکیی و دەستبەسەرکردن و شوێنبزرکردنی بەزۆرەملێ و دان بە دادگا و هەڕەشەی دان بە دادگا کەشی ترسی لەناو ڕۆژنامەوان و چالاکوانان هێناوەتە ئارا لە هەرێمی کوردستانی عێراق، بەتایبەتی لە دهۆك. ڕێکخراوەکە چوار حاڵەتی ترساندنی ئەو کەسانەی تۆمارکردووە کە ڕاستەوخۆ پەیوەندیدارن بە قوربانیەکانی دوایین سەرکوتکارییەکانی دژی ئازادی ڕادەربرین لە دهۆك، لە ڕێگەی هەرەشەی دانبەدادگا، وە هەڕەشەی زارەکیی لە دژی ئەندامانی خانەوادە یان ئەو پارێزەرانەی کە کار لە کەیسەکە دەکەن. (٤) کەس شاری خۆیان جێهێشتووە لە ترسی دەستگیرکرانیان.

لە ٧ی شوباتی ٢٠٢١، گروپێك لە ئەندامانی خانەوادە (ی دەستبەسەرکراوان) خۆپیشاندانێکیان ئەنجامدا لەبەردەم نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە هەولێر بۆ داواکردنی ئازادکرانی کەسوکاریان. ئەفسەرانی پۆلیس و هێزەکانی هەواڵگریی پاراستن دەیان کەسیان لێ دەسگیرکردن. ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتیی لەگەڵ (٧) لە ئەندامانی خانەوادەکان قسەی کرد، هەموویان

بۆ ماوەی زۆر هێڵرابوونەوە لەنێوان (٧) تا (١٠) سەعات لە خانەی (زیندانیی) قەرەباڵغ بە بێ دەستگەیشتن بە خواردن و ئاو. هەموویان بە ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتییان گوت کە ئەوان لەگەڵ بەلایەنی کەم (٧٠) کەس، تیایدا کوڕان و کچانی خوارتەمەن، لە بنکەی پۆلیس هێڵرابوونەوە. لە کەیسێکدا، کەسەکە زۆری لێکراوە تا نووسراوێك ئیمزا بکا کە ئەوەی دەسەپاند کە ئەو "بەژداریی کردووە لەو خۆپیشاندانانەی کە کاردەکەنە سەر سەلامەتیی و ئاسایشی هەولێر".

ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتیی زانیاری دەسکەوتووە کە ئاماژە بەوە دەکەن کە فەرمانی دەسگیرکردن دەرچووە بۆ ئەندامانی خانەوادە یان چالاکوانان سەبارەت بە (٥) رۆژنامەوان و چالاکوانەکە. ڕێکخراوەکە دوو کۆپی لە فەرمانی دەسگیرکردنەکانی دەسکەوتووە و پارێزەرێك پشتڕاستی کردەوە کە فەرمانی دەسگیرکردن بۆ چالاکوانێکی دیکە دەرچووە. هەر چوار کەسەکە شاری خۆیان جێهێشتووە لە ترسی دەسگیردنیان. لە دوو کەیسدا، ئەندامانی خانەوادەی ئەو کەسانەی کە شاری خۆیان جێهێشتووە هەرەشەی زارەکیی "شوێنبزرکردن" یان "کوشتن"-ی ئەندامانی خانەوادە بەرێزەکانیان لێ کراوە.

لەوەش زیاتر، چەند رۆژێك پێش دادگاییەکە لە ڕێکەوتی ١٦ی شوبات، یەك لەو پارێزەرانەی کە نوێنەرایەتی تۆمەتبارەکان دەکات بە ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتیی گوت کە ئەندامێکی ئاسایش لەشوێنی گشتیدا لیی نزیك بووەتەوە و پرسیاری دەربارەی کەیسەکە لێکردووە. پارێزەرەکە ئەمەی بە ئاماژەیەکی ڕوونی هەرەشە لێکدایەوە بەهۆی پەیوەستبوونی خۆی بە کەیسەکەوە.

گرنگە ئەوەش بڵێین کە ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتیی چووەتە لای چەند ئەندامێکی خانەوادە کە ڕەتیانکردووەتەوە بە ئاشکرا قسە بکەن دەربارەی کەیسی ئەو خۆشەویستانەیان کە دەسگیرکراون لە ترسی تۆلەسەندنەوە لێیان لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە. هەندێ لە ئەندامی خانەوادەکان بە ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتییان گوت کە ئێستا قسەکردن بۆ ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بەتەواوی بە تاوان هەژمار دەکرێ و دەیانخاتە مەترسیی دەستگیرکردنەوە.

## چوارچێوەی یاسایی کارپێکراو

هەموو ئەو کەسانەی کە تۆمەتی ناسراویان ئاراستە کراوە تۆمەتبار کراون بەپێی یەکێك لەو سێ یاسایەی کە زمانی ناڕوون و فراوان لەخۆ دەگرن و ڕێگەدەدەن بە دادگاییکردن لەسەر کردارگەلێك کە وەك تاوانی ناسراو سەیرناکرێن بەپێی یاسای نێودەوڵەتیی. بۆ نموونە، یاسای ژمارە (٢١)ی ساڵی (٢٠٠٣)، کە کاروباری پەیوەست بە ئاسایشی نیشتیمانیی بەڕێوە دەبا، دەکرێ سەربکێشێ بۆ زیندانیی تاهەتایی لەسەر بنچینەی تۆمەتگەلێك کە بە "نیەتی تێکدانی ئاسایش و سەقامگیریی و سەروەریی دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق" پێناسە کراون، ماددەکانی (٤٣٠-٤٣٣) لە یاسای سزادانی عێراقی (یاسای ژمارە ١١١ی ١٩٦٩) ناوزڕاندن بە تاوان هەژمار دەکا و پێناسەی دەکا بە "دانەپاڵی ڕووداوێك بە کەسێك کە دەکرێ دووچاری سزای بکا یان لە بەهای کەم بکاتەوە، زمانێك تا ئەو رادەیە لێڵە کە ڕێگە دەدا بە گرتنەبەری ڕێکاری یاسایی لە دژی ئەو کەسانەی کە بە شێوەی ئاشتیانە ڕەخنە لە کارمەندانی حکومەت و دەزگاکان دەگرن. ماددەی ژمارە (٢) لە یاسای هەرێمی کوردستان بۆ قەدەغەکردنی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن-یاسایەکی کێشەداری تر- ئەویش بەشێوەیەکی گشتگیرتر بەکار هێنرا بۆ تۆمەتبارکردنی کەسانێك لەبەرامبەر "خراپ بەکارهێنانی" ئامێری مۆبایل و ئیمەیڵ و ئینتەرنێت، لەژێر تۆمەتی ناڕوون و فراوان کە بە پێی یاسای نێودەوڵەتی وەکو تاوان نەناسێنراون.

عێراق لەژێر پابەندییەکانی هەردوو یاسا نێودەوڵەتیی و ناوخۆییەکانە، بەناو پەیمانی نێودەوڵەتی بۆ مافە مەدەنی و سیاسییەکان (ICCPR)، ڕێککەوتن دژی ئەشکەنجە و مامەڵەی دڵڕەقانە یا نامرۆڤانە یا لە بەها کەمکەرەوەی تر یا سزادان، ڕێککەوتنی نێودەوڵەتی بۆ پاراستنی هەموو کەسێك لە شوێنبزرکردنی بەزۆرەملێ، کە عێراق لایەنێکە تیایدا، هەروەها ماددەی (١٩) لە جاڕی گەردوونی مافەکانی مرۆڤ. بەپێی یاسای ناوخۆیی، ماددەی (٣٨) لە دەستووری عێراقیی دەڵێ نابێ خەڵك بدرێنە دادگا بەهۆی بیروڕاکانیان. سەرباری دەستەبەرییە دەستوورییەکان، مافی نارەزایی دەربڕین زیاتر چەسپێنراوە لە یاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندان ژمارە (١١) ی (٢٠١٠). سەرباری ئەوەش، یاسای ڕۆژنامەوانی کوردیی چاودێریی سەر ڕاگەیاندن قەدەغە دەکا، وە دەستەبەریی ئازادیی رادەربرین و بلاَوکردنەوە دەکا، لەکاتێکدا یاسای ژمارە (٢٣)ی ساڵی (١٩٧١) لە یاسای ڕێکاریی تاوانی عێراقی پارێزبەندیی دابین دەکا لەدژی دەسگیرکردنی هەرەمەکیی، ئەوەش دەسەپێنی کە دەسگیرکردن دەتوانرێ تەنها لە ڕێگەی فرمانی دادگا جێبەجێ بکرێ یان لە حاڵەتی تر کە لە یاسادا سەپێنرابێ، کە ئەنجامدانی تاوانێك لەبەردەم شاییەتحالاَن دەگرێتخۆ. دەبێ کەسی دەسگیرکراو لەماوەی (٢٤) کاتژمێردا بهێنرێتە بەردەم دادگا وە مافی نوێنەرایەتی کردنی لەلایەن پارێزەرێکەوە هەیە. سەبارەت بە ڕۆژنامەوانان، پارێزبەندیی لە دژی دەسگیرکردنی هەرەمەکیی چەسپێنراوە لەلایەن یاسای ڕۆژنامەگەریی پێشتر ئاماژەپێکراو، کە بە ڕوونیی دەڵێ نابێ ڕۆژنامەوانێك لێکۆڵینەوەی لەگەڵ بکرێ بەو هۆکارانەی کە پەیوەستن بە ئەنجامدانی کارەکەی تەنها بەپێی بڕیارێکی دادوەریی نەبێ.

## کۆتایی و ڕاسپاردەکان

ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتیی زۆر نموونەی بە ئامانجگرتن و گێچەڵ پێکردن و هەڕەشە لێکردن و ترساندنی کەسەکانی تۆمارکردووە تەنها لەبەرئەوەی بە مافی ڕەوای خۆیان هەڵساون بە ڕەخنەگرتن لە دەسەلاَتداران، تیایدا لە ڕێگەی جێبەجێکردنی وردی یاسایە خراپ پێناسەکراوەکان بۆ لکاندنی بەهانەی بێ بنەما، تۆمەتی لێڵ و فراوان بە کەسەکان و بێبەشکردنیان لە مافەکانی دادگایی دادپەروەرانە و دەستەبەری یاسایی.

ئەگەرچی زۆربەی ئەوانەی دەسگیرکرابوون لەکۆتایی دا ئازاد کران، پرۆسەی دەسگیرکردن و لێکۆڵینەوە و دان بە دادگا بەشدارە لە هێنانە ئارای کەشێکی ترساندن. سەرباری ئەمەش، پێشێلکردنەکانی مافی یاسایی وە پێوەرەکانی دادگای دادپەروەرانە کە ڕوویانداوە لە هەر یەك لە قۆناغەکان لەو کەیسانەی کە لەلایەن ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتییەوە تۆمارکراون ڕێگە بە بەردەوام بوونی کەلتووری تۆلەسەندنەوە دەدات، وە کەسەکان دووچاری ئەگەری مامەڵەی خراپ و ئەشکەنجەدان دەکاتەوە.

بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان پابەندیی ئەوەیان لە ئەستۆیە کە پاڵپشتی بکەن لە مافە بنچینەییەکانی مرۆڤ بۆ ئازادیی رادەربڕین و کۆبوونەوە و ئازادیی ڕاگەیاندن. بۆ ڕێز گرتن و پاراستن و بەجێگەیاندنی ئەو مافانە، پێویستە دەسەلاَتدارانی عێراقیی:

### کۆتایی بە هەڵمەتی ترساندن بهێنن

- دەستبەجێ ئەو کەسانە ئازاد بکەن کە لە دەستبەسەرکردنی هەرەمەکیی دا ماونەتەوە و ئەوانەی کە تاوانبار دەرچوون لە دادگاییە نادادپەروەرەکان، مەگەر بەشێوەیەکی ڕاستگۆیانە بە تاوانێك تۆمەتبار بکرێن کە بەپێی یاسای نێودەوڵەتیی بناسرێ.
- هەنگاوی دەستبەجێ بگرنەبەر بۆ کۆتاییهێنان بە مومارەسەی گێچەڵپێکردن و ترساندن و تۆڵەسەندنەوە لە دژی ڕۆژنامەوانان و بەرگریکارانی مافەکانی مرۆڤ و چالاکوانان و ئەندامانی خانەوادەکانیان.

### کۆتایی بهێنن بە وەسوودهێنانی ڕێکارە یاساییەکان

- دڵنیایی بدەن کە یاسایە خراپ پێناسەکراوەکان و لێڵەکان بە خێرایی بگۆڕدرێن وە وەك ئامرازێك بەکارنەهێنرێن بۆ سنووردارکردنی ئازادی ڕادەربڕین، تیایدا لە ڕێگەی وەستاندنی دەسگیرکردن یان دەستبەسەرکردنی ئەو کەسانەی کە ڕەخنە لە دەسەڵاتداران دەگرن،
- گۆڕینی ئەو یاسایانەی ئێستا کە بەکاردەهێنرێن بۆ بەڕێوەبردنی ئازادیی ڕادەربڕین و کۆبوونەوە و ڕاگەیاندن و دڵنیایی بدەن کە هاوتەریبن لەگەڵ پێوەر و یاسایە پەیوەستە نێودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤ،
- دڵنیایی بدەن کە یاسای ژمارە (٢١) ی ئاسایشی نیشتیمانیی بەشێوەیەکی تایبەتیی سنووردار بکرێ تا ڕێزبگرێ لە بنەمای یاسایی بوون و بە ڕوونی بەندەکانی پێشێلکردنی تاوانێك دیاریی بکات کە بەپێی یاسای نێودوڵەتی ناسێنراوە.

### پاڵپشتی مافی دادگایی دادپەروەرانە بکەن

- دڵنیایی بدەن کە هەر کەسێك تۆمەتبار کرا بە خراپەیەکی تاوانکاریی هەموو ئەو مافانەی دادگایی دادپەروەرانە و دەستەبەرە یاساییانەی بۆ دابین دەکرێ کە داواکراون بەپێی یاسا و پێوەرە پەیوەستەکانی مافەکانی نێودەوڵەتیی و ناوخۆیی مرۆڤ،
- دڵنیایی بدەن کە کات و سەرچاوەی پێویست دابین دەکرێ بە مەبەستی خۆئامادەکرنی ڕێکوپێك بۆ هەر بەرگرییەکی (یاسایی) تاوانکاریی،
- دڵنیایی بدەن کە کەسی تۆمەتبار، لە ڕێگەی پارێزەرەکەیەوە، مافی ئەوەی هەیە کە بەرەنگاریی بکات دژی ڕەوایی بێبەشکرانی لە ئازادیی و هەموو ئەو بەڵگانەی کە دژی ئەون، هەروەها مافی بانگکردن و پرسیارکردن لە شایەتحاڵان، هەروەها مافی پێشکەش کردنی بەڵگە بۆ بەرەنگاربوونەوەی کەیسی دادگاییەکە.
- دڵنیایی بدەن کە ئەو وتانەی کە بەهۆی ئەشکەنجەوە یان زۆرلێکردنی تر بەدەستهاتوون وەك بەڵگە وەرناگیرێن لە هیچ ڕێکارێکدا،

- لێکۆڵینەوەی دەستبەجێ و کاریگەر و ورد و بێلایەنانە بگرنە ئەستۆ بۆ هەموو ئەو دەنگۆیانەی ئەشکەنجەدان بە مەبەستی لێپرسینەوە لە کەسانی بەرپرس و پێشکەشکردنی ڕاستیی و قەرەبوو بە قوربانییەکان.

**دادی نێودەوڵەتیی**

- هەموو ڕێوشوێنێکی پێویست بگرنەبەر بۆ ئەوەی هەموو ئەو کەسانە بهێننە بەردەم دادگا کە گومانلێکراون بە هەبوونی بەرپرسیاریەتیی تاوانکاریی لە دەستبەسەرکردنە هەڕەمەکییەکان و شوێنبزرکردنە زۆرەملێیەکان و ئەشکەنجەدان و تاوانەکانی دیکە بەپێی یاسای نێودەوڵەتیی یان پێشێلکارییەکانی مافەکانی مرۆڤ لە دادگایی دادپەروەرانە لە دادگای مەدەنیی ئاسایی بەبێ پەنابردنە بەر سزای مەرگ،
- بەخێرایی دان بنێن بە شیاویی لیژنەی شوێنبزرکرانی بەزۆرەملێ بۆئەوەی پەیوەندییەکان وەربگرێت و ببینێ لە یان لەجیاتی قوربانییەکان یان وڵاتانی دیکەی لایەن لە ڕێککەوتنی نێودەولەتی بۆ پاراستنی هەموو کەسێك لە شوێنبزرکردنی بەزۆر،
- پابەند بن بە ڕێککەوتنی ڕۆمای (دامەزراندنی) دادگای تاوانی نێودەوڵەتیی.